# ئێوارە قاوەیەک

ئێوارە قاوەیەکی قەترانی ی
ئێوارە قاوەیەکی دەم پان ..
شلقە شلق
خۆی و داشی کەوچکێک
داواکاری سوار و
ژێرپیالەیەکی خشت
شەرمەزاری تکاو ..
بە هەڵەداوان
هەڵی کوتایە گۆشەی تەنیاییم ..

فلقە فلق
خۆی و سریەیەک
دیقەتی چاو قایم ..
خۆی و کەتیبەیەک
بەرژەوەندی دۆراو ..
لە هێکرا
بۆ سەر مێزی هاورێ یەتیم ..

دەمی پڕ لە شەکری
موجامەلەی زیاد و
سەری سواخ
بە کەفی بێ مانای فزوولی ی ..
بێ پەروا دری دا
بە عیشوەی بێ دەنگیم ..

ئاخر من پارێزمە
پارێزی هەموو جۆرەکانی شیرینی
کە لە بەرهەمەکانی شەکرن ..
پارێزی کەفچرینی فزوولی ی
کە بە رەگەز دەچنەوە سەر
سارد کردنەوەی ماستاو ..
ناچار بووم
سێ بە سێ

قاوەکە و
داواکە و
.. داوەتەکەم رەت کردەوە

ئەویش چی رق و
توورەیی و
رشانەوەی هەبوو
کردی بەسەر
ئەدەبی ئێوارە و
ماریفەتی گول و
.. تریقانەوەی مۆسیقادا

هەر هێندەم پێ کرا
تاو دەمە
پەرداخی تەللایی خەیال و
هەیبەتی بخوردی ی ئێوارە
.. نەبادا بگەچلێ
نەبادا
پارچەیەک ئەتۆمی بەدفەری ی
بەر قەلای هەلەبجەی
.. باوەرم بکەوێ و شەهید بم
نەوەکو
پریشکێک پیرۆزی ی قێزەون
دەستنوێژی زاهیدیم بشکێنێ و
.. لە نوێژ چم

ئەویش هەر ئەوەندە
لە داوا و داوەت وهەیبەتی
رۆ هات و
... بۆ ئەوەی نەژاکێ
بێ ئەوەی دەست بەرێ
دلۆپێکی تکاو ئابروو کۆکاتەوە
زەررەیەک ئارەقی
شەرمەزاری ی بسرێ
کردی بە هەیمەنەی پیاوەتیدا و

.. لێیدا رۆیشت

زیوریخ ٣١،٧،٢٠١٢

کەژاڵ عەلی